


# کاتژمێرە زیرەکانی داهاتوو دەبنە تەبلێت

مۆبایلەکان تا رادەیەکی زۆر کۆمپیوتەرەکانیان خانەنشین کرد و زۆر ئەرکی ئەوانیان بەئەستۆوە گرت، پێدەچێ کاتژمێرە سمارتەکانیش شوێنی مۆبایلەکان بگرنەوە، چونکە هەم هەڵگرتنیان ئاسانە و هەم لە خاوەنەکانیان دانابڕێن.

کاتژمێرە زیرەکەکان هەرچەند بەتواناش بن، بەڵام چونکە شاشەکەیان بچووکە ناتوانن وەڵامدەرەوەی زۆر شت بن، بۆ نموونە ناکرێت فیلمێك یان یارییەك لەسەر شاشەی کاتژمێرەکان بکەیەوە. کۆمپانیای (ئۆپۆ) نیازی هەیە ئەو بەربەستە بشکێنێ و مۆبایلێك بەرهەم بێنێ کە لەیەك کاتدا هەم مۆبایل و هەم کاتژمێر و هەم تەبلێت بێ..

شاشەی کاتژمێرەکە سێ قات گەورەتر دەبێ و لە دووەم قاتدا وەك مۆبایلی لێدێ و بۆ جاری سێهەمیش وەك تەبلێت، بە جۆرێکی لێدێ کە ٢٠٠٪ جار گەورەتر دەبێ. ئایا ئەم بەرهەمە هەر لە چوارچێوەی بیرۆکەدا دەمێنێتەوە یان لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرهەم دێ، چونکە ئەوەی ئەوە تەنیا بیرۆکەیە و دیزاین و نەخشەسازییەکەی بۆ کراوە.

# مۆبایل یا کۆمپیوتەرێکی بەهێز


کۆمپانیای Asus ساڵی رابردوو یەکێك لە باشترین و بەهێزترین مۆبایلەکانی خۆی خستەڕوو، مۆبایلی جۆری ROG Phone ، ئەمساڵ ڤێرژنی نوێی ئەم مۆبایلەی بە تواناییی بەهێزترەوە خستەڕوو، ئێستاکە مۆبایلی جۆری ROG Phone2 شان لەشانی کۆمپیوتەرێکی بەهێز دەدا.

مۆبایلەکە تایبەت بە گەیم بەرهەم هاتووە، بارستاییەکەی ٧٨ ملمە. وەڵامدانەوەی شاشەکەی ١٢٠ هێرتزە، قەوارەی شاشەکەی ٦,٥٩ ئینجە. شاشەکە سەرووی فول ئیچ دییە واتە HDR. سیستەمی لەرینەوەیەکی زۆر بەهێزی هەیە. چوار مایکی لەسەرە و لەگەڵ چوار بڵندگۆ. کامێرای پێشەوەی واتە ئەوەی تایبەتە بە سێلفی گرتن ٢٤ میگاپیسکلە. لە پشتەوەی دوو کامێرا هەیە یەکێکیان ٤٨ میگاپیسکل و ئەوەی تریان ١٣ میگاپیسکل.

باترییەکەی ٦٠٠٠ هەزار میلی ئامپێرە کە دەکرێت ٧ کاتژمێر لەسەریەك و بێ وەستان کاری پێبکرێ. لە ماوەیەکی زۆر کەمیشدا شەحن دەبێتەوە.



# سەربازێکی فەرانسە بە ئاسماندا دەفڕێ




لەم ماوەیەدا لە جەژنی نیشتمانی فەرانسەدا لەکاتێکدا کە ماکرۆنی سەرۆك وەزیرانیش دانیشتبوو، دیمەنێك سەرنجی هەموولایەکی بۆلای خۆی راکێشا. فڕینی سەربازێك بە ئاسماندا!

سەربازێك کە چەکی هەڵگرتبوو، سواری ئامێرێك بوو کە زیاتر وەك فانتازیا و خەیاڵ دەچوو، بەبێ باڵێکی هەبێ یا سوکانێکی هەبێ بۆ دەست پێگرتن کەسێك بە ئاسماندا دەفڕی..ئەو ئامێرە بە Flyboard Air ناسراوە.

ئەم ئامێرە دەکرێت وەك ئامێرێك لە خزمەت بواری سەربازیدا یا بواری گەیاندن و پۆستەدا سوودی لێوەربگیرێت. بەرهەمهێنەری ئامێرەکە کە لە جەژنی نیشتمانی فەرانسەدا خۆی کۆنترۆڵی دەکرد وەرزشکار و بەرهەمهێنەر( فرانکی زاپاتا )یە.

زاپاتا دەڵێت بۆ کەسێك بیەوێ ئەو ئامێرە کۆنترۆڵ بکا دەبێت ٥٠ هەتا سەد کاتژمێر راهێنانی کردبێ. ئامێرەکە بە وزەی نەوتی سپی کار دەکا، پێچەوانەی زۆر ئامێری دیکە کە لە بەنزین سوود وەردەگرن.

ئەو ئامێرە دەتوانێت هەتا دوو کیلۆمەتر لە زەوی بەرز دەبێتەوە و خێراییەکەی ٢٠٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدایە، بەڵام کێشەیەکی هەیە ئەویش مەودای رۆیشتنی کەمە دەتوانێت ١٠ هەتا ٢٠ خولەك بفڕێت. کاتێك (زاپاتا) ویستی بەو ئامێرە لە دەریای (مانش) بۆ بەریتانیا بپەڕێتەوە کەوت ناو ئاوەکە، بەڵام کێشەیەکی ئەوتۆی توش نەبوو. وەزیری بەرگری فەرانسە گوتی دەکرێت ئەو ئامێرە بۆ کاورباری راگواستن و هێرش و چاودێریدا بەکار بێت..

# کریس هاوڕێیەکی باش بۆ شۆفێرەکان




لەم سەردەمەدا نە تەنیا ئۆتۆمبیلەکان بەرەو سمارت و هۆشمەندی دەچن، بەڵکو ئامێری تایبەت بە ئۆتۆمبیلیش بەرهەم دێن کە زۆر ئەرك لە کۆڵ دەکەنەوە و زیرەك و سمارتن..

ئامێری Cris کە بەقەد ئاوێنەیەکی بچووك دەبێت، وەك هاوکار و هاوڕێیەکی باشی شۆفێرەکانە. دەکرێ بڵێین بەهۆی (کریس)ەوە شۆفێری چێژێکی دیکەی هەیە. لەگەڵ سیستەمی دەنگی ئۆتۆمبیلەکە پەیوەند دەدرێ، دەکرێ هەر بە دەنگ گۆرانییەکان بگۆڕی و دەنگ کەم و زیاد بکەی، دەکرێ بە ئاماژەی چەپ و راستیش ئەم کارە ئەنجام بدەی. ئەگەر شوێنێکت پێ نەزانی داوای لێبکە رێنوێنیت بکا لە یەك چرکەدا نەخشەی شوێنەکە و رێگای چوونەکەت نیشان دەدا. داوای لێبکە پەیامێك بۆ یەکێك لە هاوڕێکانت بنێرێ یان پەیوەندی بەکەسێکەوە بکات لە یەك چرکەدا ئەنجامی دەدا.

سیستەمی ئەمنییەتی بەهێزە، ئەگەر شۆفێرێکی دیکە بێتە سەر ئۆتۆمبێلەکە دەبێت داتای تایبەت بەخۆی دابنێ و کۆدی ئەمنیەتی خۆی هەبێ، چونکە زانیاریەکانی هی هیچ شۆفێرێك بۆ ئەوەی دیکە نادرکێنێ. لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ کەش و هەوا و هەواڵەکان لەوێ وەردەگرێ.

# هاردی دەرەکی ئەپیسەر




بۆ ئەوانەی داتا و زانیارییەکان هەڵدەگرن، دەزانن هارد لە ریزی باشترین کۆگا هەڵگری داتاکان دێت، جیاوازی سەرەکی لە نێوان هارد و فلاش میمۆریدا ئەوەیە، فلاش بۆ راگواستنی داتاکانە، هارد بۆ هەڵگرتن و ئەرشیف کردنی داتاکانە.

کۆمپانیای apecer لەم ماوەیەدا نوێترین هاردی پۆرتێبڵی خۆی خستەڕوو، هاردی جۆری AC630 USB 3.1 Gen. ئەم هاردە بێ ریکلام لە ریزی باشترین هاردەکان دێت. چونکە بچووکە و بە ئاسانی هەڵدەگیردرێت، دیزانێکی سەرنجراکێشی هەیە، دژە بەرکەوتنە و بەئاو تێکناچێت و تەنانەت ئەگەر بکەوێتە ناو رووباریشەوە. خێراییەکی زۆر باشی هەیە لە سیستەمی USB3 سوودوەردەگرێ، خێراییەکەی ٥ گیگایە لە چرکەیەکدا. کەڤەر و چوارچێوەکەی پلاستیکێکی دژە بەرکەوتنە. لە تاقیگەی سوپایی ئەمەریکادا دەرچووە، واتە لە بەرزاییەکی گەورەوە خراوەتەوە خوارەوە و کێشە بۆ هاردەکە نەهاتۆتە پێش. قەوارەی هەڵگرتنی داتاکان لە هاردەکەدا یەك ترابایتی و دوو ترابایتیە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، هەست پێدەکەم هێڵی ئینتەرنێتی ADSLەکەم خاوبۆتەوە، پێموایە کەسانێك بەبێ ئیزنی ئێمە سوودی لێوەردەگرن، بەچ بزانم چەند کەس بەکاری دێنن؟**

خوێنەری بەڕێز لەسەرەتادا بەم ئەدرەسە ١٩٢,١٦٨,١,١ یا ئەو ئەدرەسە ١٩٢,١٦٨,٢,١ مۆدێمەکەت بکەوە، دوای کردنەوەی بچو بۆ سەر بەشی wireless configuration کە لە هەندێك مۆدێمدا wireless status و لە هەندێك مۆدێمی دیکەدا DHCP client نووسراوە، لەوێدا وشەی MAC بدۆزەوە، ئەوە ئەدرەسی ئەو مۆبایلانەیە ئامێرانەیە کە ئێستا هێڵەکەی تۆ بەکار دێنن، لە هەندێك لە مۆدێمە نوێیەکاندا ناوی خودی ئامێرەکەش دەنووسێ.. ئەگەر ژمارەی ئامێرەکان ٦ ئامێر بوون، بەڵام ئەوەی لەماڵەوە کاری پێدەکەن ٤ ئامێرن، ئەوە بزانە دوو کەسی دیکە سوود لە هێڵەکەت وەردەگرن. ئەوکات یا پەسۆردەکەت بگۆڕە، یا ئەو ئامێرانەی کە هی خۆتان نین چالاکییەکانی رابگرە.. بەڵام هەرچۆنێك بێت ماوە ماوە پەسۆردی مۆدێمەکەت بگۆڕە.

# ڤیدیۆ پرۆژکتەرێک بە کوالیتی 4K



داتاشۆ یا ڤیدیۆ پرۆژکتەر بۆ نیشاندانی زانیارییەکان بەتایبەتی لە زانکۆ و قوتابخانەکان، یان لە هۆڵی کۆنفرانس و سیمینارەکان گرنگی خۆی هەیە، چونکە هەم هەڵگرتنی ئاسانە و هەم قەوارەی نیشاندانەکەی زیاترە لە تیڤی و هەم بینەریش زیاتر چێژی لێوەردەگرێ.

سەردەمی خۆی داتاشۆیەکان گەورە بوون و توانایەکیان کەم، بەڵام ئێستا پێچەوانە بۆتەوە. لەم ماوەیەدا شیائومی نوێترین داتاشۆی خۆی بە ناوی WEMAX 9000 ANSI Lumens بەرهەم هێنا. داتاشۆیەك کە کوالیتی نشاندانەکەی 4Kیە، فیلمەکان روون وەك ئاوێنەیەك نیشان دەدا.

کێشی داتاشۆیەکە هەندێك لە شەش کیلۆ زیاترە. پرۆژکتەرەکە قەوارەی نیشاندانی ٨٠ لە ١٥٠ ئینجدایە. ئەگەر ڤیدیۆیە پرۆژکتەرەکە لە مەودای ٣٠ سانتی دابنێی دەتوانێت وێنەکان بە لە قەوارەی ١٥٠ ئینجدا نیشان بدا.

رامی داتاشۆیەکە ٢ گیگابایتە، میمۆری ناو ڤیدیۆ پرۆژکتەرەکە ١٦ گیگابایتە. لەگەڵ ئەوەیدا سیستەمی بەگەڕخەڕی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام لە سیستەمی ئەندرۆید ٦ بۆ سەرەوەش سوود وەردەگرێ.



# کاتژمێرە زیرەکەکەی تایبەت بە منداڵان

منداڵان لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا پشکی شێریان بەرکەوتووە، جارێ زۆربەی منداڵان جیاوازی لە نێوان ئامێری خۆیان و ئامێری گەورەکاندا نانێن و زۆربەی گەورەکان گلەیی و گازندەیانە لە دەست منداڵان کە مۆبایل و کۆمپیوتەرەکانیان بەکاردێنن. هەرچەندە زۆربەی ئەو ئامێرانەی بۆ گەورەکان هەن بۆ منداڵانیش بەردەستن، بۆ نموونە کاتژمێری هۆشمەند..

«شیائۆمی» نوێترین کاتژمێری زیرەکی خۆی تایبەت بەمنداڵان

خستەڕوو، کاتژمێری Mi Bunny Watch 3C کە لە تۆڕی 4G پشتیوانی دەکا.

شاشەی کاتژمێرەکە ١,٣ ئینجە، گۆشەی دیدی ١٦٠ پلەیە. لەسەرووی شاشەکە، جامێکی چەماوە هەیە کە دەیپارێزێ لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو وەك کەوتنە خوارەوە و بەرکەوتن. هەروەها بە ئاویش تێکناچێ و ئاو ناوچێتە ناویەوە.

پەیوەندییە ڤیدیۆییەکان بە کوالیتی بەرز نیشان دەدا. کامێرایەکی دوو میگاپیکسلی HD لەسەرە. باترییەکەی ٧٨٠ میلی ئەمپێرە و هەتا چوار ڕۆژ دانابەزێت. سیستەمی وای-فای و GPSی لەسەرە. لە دەست نیشانکردنی شوێنی منداڵەکە بۆ دایك و باپان سوودی زۆری هەیە.



## ماڵپەڕێک بۆ ناساندنی کتێبە گرنگەکان

هیچ کەس نییە نەزانێ ڕۆڵی خوێندنەوە و خۆپێگەیاندن چەندە گرنگە، جیهانی مەجازی لە هەرشتێکدا کەموکورتی هەبێ، لە بابەت کتێب و خوێندنەوەدا گلەیی لەسەر نییە و لە لوتکە دایە، هەزاران ماڵپەڕی تایبەت بە کتێب و کتێبخوێندنەوە و کتێبخانەی ئەلکترۆنی هەیە. یەکێك لە ماڵپەڕە هەرە گرنگەکان ماڵپەڕی Goodreads ە. ئەم ماڵپەڕە نە تەنیا کتێبە نوێیەکان دەناسێنێ بەڵکو لەسەر کتێبەکە وتار و بابەتی ڕەخنە و لێکدانەوەش بڵاو دەکاتەوە.

لە ماڵپەڕەکەدا پێشنیاری خەڵکانی دیکەش بۆ نموونە هاوڕێکانیشت دەبینی سەبارەت بەو کتێبانەی خوێندوویانەتەوە، تۆش دەتوانی سەبارەت بە کتێبەکان بۆچوون بنووسی. هەروەها لەماڵپەڕەدا دەزانی چ کتێبێك سەرنجی زۆربەی ڕاکێشاوە و بژاردەیە. دەتوانی خۆشت لەو ماڵپەڕەدا کتێبخانەیەکی تایبەت بە خۆت دابنێی، لیستی ئەو کتێبخانەی خوێندوونتەوە یا بابەت و بۆچوونەکانت لەوێدا بنووسی.

# هاردیسکێکی دەرەکی و ئاستێکی زۆر

هاردیسکی دەرەکی یا پورتێبڵ بۆ هەڵگرتن و داکردنی داتاکان گرنگی خۆی هەیە، یەکێك لە گرنگییەکانی هاردیسکی پورتێبڵ ئەوەیە کە بارگرانایی لەسەر کۆمپیوتەر و مۆبایلەکان کەمکردۆتەوە و ئێستا پێویست ناکات لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هاردێکی گەورە و بەهێز هەبێت، لەبری ئەو دەکرێت هاردێکی پورتێبڵی (دەرەکی) بەهێزت هەبێت، چونکە هەڵگرتنی ئاسانترە و پاراستنی داتاکان لەودا باشترە.

کۆمپانیای ADATA لەم ماوەیەدا هاردێکی زۆر بەهێزی خۆی خستەڕوو کە هەم ستایل و دیزاینەکەی سەرنج ڕاکێشە و هەم توانا و قەوارەکەی گەورە و بەهێزە.

هاردیسکی جۆری ADATA HD770G هەروەك ئاماژەی پێکرا دیزاینێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە بەهۆی ئەو شریتە گلۆپانەی جۆری LED RGB سەرنجی بەکارهێنەر بۆخۆی ڕادەکێشێ. کۆمپانیای ناوبراو دەڵێت هەتا ئێستا تەکنەلۆژی لەم شێوەیە بەکار نەهاتووە.

هاردەکە نە تەنیا بۆ کۆمپیوتەرەکان بگرە بۆ ئامێرەکانی پلەی ستەیشن و Xboxیش گرنگی خۆی هەیە. کەڤەرێکی دژە تەڕبوون و دژە بەرکەوتنی هەیە. تۆز و خۆڵ ناگرێت و ئاوی ناچێتە ناویەوە.

سیستەمی ئەمنییەتی زۆر بەهێزە و دەتوانی لەخودی هاردەکەدا پاسۆرد لەسەر داتاکان دابنێی.

